

# فرمێسک و یاد

● گەرمیان ●

پار لە گەرمـەی بەهــارێکی سروشتا، لەوکاتەدا کە چۆمە ئاوە لیخنەکان ئامێزیان بۆ بەفری تواوەی سەر لوتکەو لانزارەکان ئەگرتەوە، گوڵاڵەو نێرگزو درختە بەگەڵاکان ببونە زاواو بوکی بەیـەك گەیشتـووی ئەم قەڵەم رەوەی کوردوستــان، رێـواسی کوێستــان وەك لاوێکی تازە هەڵچووی بە بارو بەرگ لەنواڵەو بژوێنـەکـانـەوە سەری گەنجیـان لەعـەشق و خۆشەویستی بەهــارەوە هەڵدەبریو چاوی مەستی ئەوینیان لە دەزگیران و دۆستەکانیان ئەبری، ئالەو کاتەدا گەردەلولێکی شووم، گەردە لوولی مەرگێکی ناوەخت و چارەرەش لەپر هات و گوڵێکی تازە بەهـاری هەڵچووی لەرەگەوە هەڵکێشا، گوڵاڵە سوورەیەك کە بۆن و بەرامــەی ئەم خاکـەو لە سایەی لوتکەو تاوێرو رەوەزو کانیاوەکانیدا گەشەی کردبوو فراندی، ئایا تا ئێستا لە بەهاردا گوڵ هەڵوەریوە؟

کەس دیویەتی دەریا ئاگر بگرێو چیا پشکۆ لە سەر بنێت و بەهار وەرزێکی زرو ناپەسەند بێت؛ بەڵێ پار لە وەرزی نیساندا چرۆ دڵ پر لە ئاوات و ئارەزووەکـەی کاکە حەمەم(*) لەلێدان کەوت، چاوە گەشەکانی لەدوا هەواری ئەم ژیانەدا لێك نان، ئەو تا سەو خولیایانەی خەوی رەنگاڵەیی پێوە ئەبینین و، بەکەف و کوڵەوە نەخشەی دوا رۆژی بۆ ئەکێشان بوونە تەم و لە ئاسۆوە بەرەو نەدیـوی کشـان و وون بوون. ئەو رۆڵە بەوەفایەی کە ئەڵقـەی خۆشـەویستی تازە لەپـەنجـەکـانیـا وەك ئەستـێرە ئەدرەوشایەوە، ئەو دەم و چاوەی هێشتا رەونەقی منداڵیو تازەی لاویەتی تیا پشکوتو بوو خوێنێکی گەرم و ئالیان بەسەردا رژاو شارانـەوە، خوێنی لەشێکی نەرم و ناسـك. ئەوا ئێستـایش لەدوای ساڵێکی تەمەنی مەرگ لەسەر گۆرەکەت کۆمان گرتووە، وەك ئەستـێرە بەدەوری مانگێکی گیراودا ئەگـرین و فرمێسك ئەرژێن، چەمەر ئەگرین نزوو لەمان بەرەو خواو گەردونی دڵ رەق ئەکەینەوە. کەی مانگەکەمان بەر ئەبێت؟ کەی دنیاکەمان روونـاك ئەبـێتـەوە؟ بەڵام نەدەنگێـك.. نەرەنگێـك نە ناڵەی بریندارێك دێت و نە کتێبێکی سوور وەك بەرگێکی شەهید لە گۆری ساردو سرەوە سەر ئەکێشێت، منیش بەناچاری ئەڵێم: بنوو کاکەی خۆشەویستم.. چاوەکانت لەماڵەکەدا هێشتا پر لە نورو رونـاکیـیە، لیوت بەبارنین و هەر زەردەخەنە ناسکەکەی لەســەرە ئێستــایش لەنـاوەمـانـدا دێت و دەچێت بەعشق و خۆشەویستی تۆوە ماڵەکەمان هەر گەرم و گوڕە جێگای ئەوانەیە کە تۆیان خۆش دەوێت و تۆش ئەوانت لەبەر دڵن، چراکەمان هێشتـا گری لەتـۆوە خۆشـەو ئێمـەی لەبـەردا دائەنیشن و لەگەڵماندا قسە شیرین و خۆشەکانت وەك پەپولەی رەنگاو رەنگ دێن و دەچن مەزاری لەشەکەیشت شەوانی تاریك و تەنگ و شەچاویش هەر رۆژێکی روناکی بە وورشەو پرشەیە.

ئێستــایش چاوەکـانت لێـك بنێ چونکـە نیـوە شەوەو کاتی حەسانەوەی لەشە شەکەت و شەلاڵی خوێنەکەتە.

★ کاکـە حەمـە: ناوی محـمـد شێـخ سەعیـدی شێـخ عەبدولکەریمی قادر کەرەمە وە لە رۆژی «٧» نیسانی «١٩٨٩» لەنـزیك شاری هەولێر بەکارەساتێکی دڵ تەزێن کۆچی دوایی کرد کە قوتابی (دەورەی «٤١» ی متوسطە) بو لە کولیەی شرطە. وەبـۆ «١٥» رۆژ بوو دەزگـیرانی دیـاری کردوو جوانتـریـن زەماوەندی شیرینی خواردنەوەی بۆ سازدرا.